# ئایا ئیسلامی باشی ئێستا , ئیسلامی توندڕەوو(ئێکسترِم) ی ئایندەیە؟

جەلال بەرزنجی

لەوەتەی وەبیرم دێت ئە و کەسانەی زۆر بە وشکی و توند رەوی و زیاد لە پێویست ئیسلامەتی دەکەن وا پیشان دەدە ئەوان ئیسلامی باش و راستەقینەنن , قینیان لەوانە دەبێتەوە کە وەکوئە وان ئیسلامەتی ناکەن , ئەوانە کەسانی تورِەو دڵ رەقن و خۆشەویستی لە دەرونیاندا لاوازە ,ئە مە پرسیارێکە زۆر کەس دەیکەن و وەلامی تە واویان دەست نە کەوتووە , هەیە وەلامی خۆی لایە و دەزانێ هۆکاری دروست بوونی ئە م مجۆرە کەسایەتیانە لە چجۆرە پێشینەیەکی کەلتوری ئاینی هاتووە , هەشە نایەوی پرسیار بکات و قووڵ بڕوانێ , هەشە ئیسلامی کردووە بە هۆیەك بۆ کاسبی( بزنس) . لای هەندێك عەرەبی باسیونالیست ئیسلام خراپ نیە بۆ خزمەت پێ کردنی بیری ناسیونالیستی عەرەبی و دروست کردنی خە لًکانی وەك شێخ زاناو ئەمسالی بۆ خزمەت کردنی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەژێر دەمامکی ئیسلام . .زۆریش هەن ئاین لایان شتێکی تایبەتی گەڵ خودایە لەسەرە خۆ ئیسلامەتی خۆیان دەکەن . هەشە زۆر بەجدی نەگرتووە هەروا بە رەچەلەك بۆی ماوتەوەو بە ئیسلامی لە دایك بووەو, گەرلە ئەسکیمۆ لە دایك بووایە شتێکی تر دەبوو

.

زۆریش هەن تا ئێستاش بە دوای ئیسلامی باش دا دەگەڕێن بۆ ئەوەی قە ناعەت بە خۆیان بهێنن کە ئیسلامی باشیش هەیە, زۆر کەسیش هەن لە قسە وئە کت کردنیاندا واپیشان دەدەن ئیسلامن, بەلأم لە ناخیاندا بروایان بە دین نیە و لە ترسی کوشتن یان هەر هۆیەکی تر بێت نایدرکێنن .

لە کۆمەلگای رۆژ ئاوا مرۆڤ سەربەستە لەوەی بڕوای بە ئایین نەبێت . لە سەر ئەوەش هەرەشەی کوشتن و خوێن حەلأڵ کردنی لێناکرێ و دەمێکە ئەم قۆناغەیان بڕیوەو لە وێ ریفۆرمی ئاینی پێش ریفۆرمی سیاسی و رێنسانس کەوتوە( سە لمان روشدی) لە سەر بۆ چونەکانی ناو رۆمانی (ئایەتە شە تانیە کان) خوێنی حەلأل کرا , بەلأم (دان براون) رۆمان نووسی ئە مەریکی لە رۆمانی (کۆدی دافنیشی) کە وا لە سالی دووهەزارو چوار بلأوی کردەوە و هەشت ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا , شوتێکی بە هێزی لەمەسیحیەت دا و کەنیسەو پیاوە ئاینیەکانی دنیای رۆژ ئاواو کرستیانەتی حەپەساند , لەوەی کە دەڵێ پەیوەندی خۆشەویستی و سێکسی لە نێوان (مەسیح) و( مریەمی مەجدەلی دا هەبووە) بە م بۆ چونە ی نووسەر سەر لە بەر بەردی بناغەی برِوای باوی کرستیانە تی هەلدەوەشێتەوەو بۆیە کەنیسە نیگەران بوو, بە لأم هەرەشی کوشتن یان خوێن حەلأل کردنیان لە رۆمانووس (براون) نەکرد . لە م نووسینەم دا نامەوێ پروپاگەندە بۆ ئاینەکی تر بکەم ,چونکە هەرئاینێك بێ رودانی ریفۆرم وماوەدان بەرەخنەی زانستی دەبێتە رێگر لە پێش نوێ بوونەوەی ژیان , لەم نووسینەمدا تەنیا دەمەوێ ئاماژە بۆ جیاوازی قۆناغی ئێستای هەردووکیان بکە م , باسی گرنگی ریفۆرم بکەم لە ئایندا , کەوا دەمێکە لە ناو ئاینی (کریستیانەکان) رووی داوە . ئاین دەبێ تەنیا پەیوەندی نێوان خوداو خەلك رێك بخات و کاری بە رێك خستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤە کان نەبێت . ئاین لە رۆژ ئاوا ئەم قۆناغەی برِیوە کە وا بە رەخنە گرتنی زانستی لە ئایین دەستی پێ کردوو ئەوەی چە سپا نە کە نابێ ئاین چیتر سەرچاوەی شەرِ بێت لە ناو کۆمەلگاو دەست لە ژیانی خەلك وەردات. ئاین بەوە ئارامی و رێزی خۆی رادەگرێ نەبێتە حزبی سیاسی توند رِووجیهادی وخوێناوی بیەوێ لە رێگەی توندو تیژی و ئیلغا کردنی ئایین وبۆچونەکانی تر کۆنترۆلی دنیا بکات .ئاین لە دلی مرۆڤ ئارامە بە لأم لە بارەگا و لە حزب دا ترسناکە , مرڤێك لە (ئالاسکا)ی ناو قوتبی بەستەلەکی باکوور لە دایك بوبێت , رە نگە نەزانی رۆژهە لأتی ناوەراست و ئاینی ئیسلام هە یە , ئە م کە سە تاونی چییە گەر ئیسلام نەبێت , بۆ لە سەر ئیسلام نەبوونی زەرفاوی کوشتنی بە جیهاد بزانێ !

شاعیری ناسراوی فەلەستینی (مەحمود دەروێش) لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەی لە گەڵ رۆژنامەی (لیبراسیۆن) ی فەرەنسی لە وەلأمی پرسیاری , بۆچی لە شیعرەکانتا ناوی مەسیح لە ناوی محەمەد

زیاتر دووبارە دەبێتەوە دەڵێ : کە باسی (مەسیح )دەکەم هەست ناکەم سانسۆرم لە سەرە , بەلأم کە باسی

محەمەد) دەکەم هەست دەکەم سانسۆرم لە سەرە , وە هەر وەها دەڵێ : هونەرمەندەکان مەسیحیان سپی و

ڕەش و ئە سمەر کردووە , بە لآم من ناتوانم تەخەیولی محەمەد جگە لە عەرە ب بوونی بە هیچ شتێکی تر بکەم . لە هەمان چاوپێکەوتندا ڕازی نەبوونی خۆی پیشان دەدات لە سەر ئە م کارە خۆکوژیانەی لە دژی خەڵکی (سیڤیلی) ئیسرائیل ئە نجام دەدرێن. گەر ئیسلام بیەوێت لە گەڵ سەردەم بڕوات و مۆرکی توندووتیژی ( ڤایلنس) بە خۆیەوە نەهێڵێ و بچێتە ناو دایلۆگی شارستانی , دەبێ قبووڵی ریفۆرم لە نلو خۆیدا بکات , قبوڵی رەخنەی زانستی بکات شوێنی ئەوە نەمێنێتەوە , ئیسلامی ( نۆرمەڵ) تیایدا بگۆردرێ بۆ ئیسلامی (ئێکستریم)

.

ئێستا سەرۆك وەزیرانی عیراق ئیبراهیم جەعفەری موسلمانی باشە گوایە (نۆرمەڵە) و زەرقاوی ئیسلامی خراپ و(ئیکستریمە) و خوێن ڕێژە, ئێستا جیاوازی لە نێوانیاندا زۆرە بە لآم هەردووکیان حزبی ئیسلامین و کار دەکەن بۆ گەیشتن بە دەسەلآت و بۆ چوونی جیاوازی مەزهەبی نێوانیان کە وا پێشینە یە یەکی مێژوویی هەیە کردوونی بە دەژمنی یەکتری , بە لا م هەردووکیان گوێ لە موسیقا ناگرن و لە گەڵ سیستەمی علمانی و بەندە کانی مافی مرۆڤ کۆك نین , لە گەڵ ئەوەی ئیستا شەڕکی سەخت لە نێوانیان دایە , هەر چەندە شەڕەکەی زەرقاوی بە تەنیا لە گەڵ شیعە نیە بەڵام ئەوان لایەنێکی سەرەکین وە هە وەها ئایا ئەو شەڕەی ( ئا غا ی جەعفەری) بڕوای پێیەتی شەڕی چە سپاندی دیموکراسی و مافە کانی مرۆڤە ؟ یان سە پاندی هێزە و دە سەڵاتە؟ لە وەتەی سەرۆك وەزیرانی عیراق لە سەر حوکمە نە م بینیوە تا ئیستا جگە لەو سەفەرەی چوو بووبۆ ئێران پێبکەنێ , حیزبی (دەعوە ش)کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات ئەندامەکانی هەمووی خەڵکی شیعە مەزهەبن. خەون بە کۆنترۆ کردنی عیراق دەبینن , ئیش دە کەن بۆ دامە زراندنی

وڵاتێکی ئیسلامی بە ڕێگەی خۆیان , کە شوێن نە مێنێتەوە بۆ دیموکراسیەت ومافی مرۆڤ و بیری جیاواز .

.

نەبوونی حیزبێکی (عیلمانی ) لە وڵاتانی عەرەبی و بەرپانەبوونی شۆرشی ریفۆرمی ئاینی , ئیسلامیان لە رەوشی تێکەڵاوبوو بە هەناسەی ناسینالیستی عەرەبی هێشتۆتەوە بۆ چوونی ئازایانەی شاعیرێکی گەورەی فەلەستینی وەك مەحمود دەرویش کە باسی بەردەوام بوونی ئەم سانسۆرە و تێکەڵ بوونی ئاین بە ناسیۆنالستی دەکات لە ئیسلام , زەنگێکی بە هێزە بۆ ئەوەی لە ئیسلام دا ریفۆرم بکرێت بۆ ئەوەی بە دایلۆگ پەیامەکەی خۆی بگەینێ و رێگە لە بەرهەم هێنانی( ئێکستریمیزم) بگیرێ !